**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٣٣٦٣ لە ٢٠٢٥/٥/٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان وە ئاماژە بە هەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٣١١) لە ٢٠٢٥/١/١٦ و (٢١٣٤) لە ٢٠٢٥/٤/١٠ و نووسراومان ژمارە (٤١٦٣) لە ٢٠٢٥/٢/٤ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (شەرەفونا)**

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**شەرەفونا**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم/٤) لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنوری ناحیەی بجیل/ لە قائیمقامیەتی قەزای ئاکرێ/ پارێزگای دهۆک کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی بە فراوانکردنەوە دەبێتە (١٢١،١٢،٢٣) سەد و بیست و یەک دۆنم و دوازدە ئۆلک و بیست و سێ مەتر لەسەر پارچە زەویەکانی ژمارە (١/٢) و (١/٣) و (١/٤) لە کەرتی (٦/قەسرۆک) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**